




# «روانگە» و مێژوویەك لە ململانێی ئەدەبی و سیاسیی نەوەیەك ئەدیب و نووسەری کورد

فوئاد قەرەداغی

**سەرەتایەک**

رەنگە نووسین لەسەر ململانێیەکی سیاسی – ئەدەبی، بەر لە چل ساڵ لەمەوبەر کارێکی ئاسان نەبێت. لەم ماوەیەدا گۆڕانێکی بەرچاو بەسەر جیهان و ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عیراقدا هاتووە. پرسی چارەنووسی کورد چ لە باشووری کوردستان و چ لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕووی ستراتیژو تاکتیکەوە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. بارودۆخێک کە ئەمڕۆ دەگوزەرێت جیاوازییەکی بێئەندازەی لەگەڵ بارودۆخی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا هەیە، کە (روانگە) لەو مێژووەدا سەری هەڵدا. لەبەر ئەوە بۆ هەر کەسێک بەشداریی لەو ململانێیەدا کردبێت، شیاوترین کارێک بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو مێژووە ئەوەیە، وەکو خۆی لێی بدوێت. دیارە هیچ کەسێک ناتوانێت بەدەر لە ئایدیای خۆی و چۆنایەتیی بیرکردنەوەی شەنوکەوی مێژوو بکات، بەڵام وەک راستیی مێژوویی، دەبێت بە گیانی هەست



به لێپرسراوێتی کردن و دەستپاکییەوە ئەو لاپەڕانە هەڵبداتەوە، تا پانۆراما یان دیوانێکی واقیعییانەی ئەو ململانێیە بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ بگوێزێتەوە. ئەمە ئەو ڕێڕەوەیە کە هەوڵ دەدەم راستگۆیانە لێرەدا پەیڕەوی بکەم.

## بانگەوازی روانگە

دوای تێپەڕبوونی مانگ و نیوێک بەسەر دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئازار (مارت)ی ساڵی ١٩٧٠دا، بە واژۆی چەند ئەدیبێک بانگەوازێکی ئەدەبی دەرچوو. ئەدیبەکان بریتی بوون لە: «حسەین عارف، شێرکۆ بێکەس، کاکەمەم بۆتانی، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێڕی، کەمال رەوف محەمەد».

بانگەوازەکە، بەناوی «بانگەوازێک لە روانگەی ئەدەبی کوردیی نوێمانەوە)، بۆ یەکەم جار لە رۆژنامەی (هاوکاری)ی ژمارە (١٥)ی ساڵی یەکەم ١٩٧٠/٤/٢٥ بڵاوکرایەوە. بانگەوازەکە توانیی لە ماوەیەکی کەمدا ئەدیبە گەنجەکان لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، بۆیە بزافێکی ئەدەبیی فراوان، شان بە شانی ئەو جموجۆڵە سیاسییەی بەیاننامەی ئازار لە کوردستاندا بەڕێی خستبوو، بووە بەشێک لەو واقیعە نوێیە. لێشاوێک نووسین هەر لە لێکدانەوەی بانگەوازەکەوە تا سەر شیعرو چیرۆک و چاوپێکەوتن و راپۆرت، بەتایبەتی لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا دەرکەوت و بووە مایەی بایەخپێدان و سەرنجی هەموو نووسەران و رۆشنبیرانی ئەو سەردەمە لە هەموو شارەکانی کوردستاندا.

هاوکات لەگەڵ ئەم بزافە ئەدەبییەدا، بزافێکی سیاسیی نوێ لەنێو چەند کەسانی سیاسی و رووناکبیردا سەری هەڵدابوو، هەڵسووڕاوەکانی ئەم بزافە سیاسییە سەرگەرمی پێکهێنانی رێکخستنێکی نوێ بوون، کە بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە باشووری کوردستانداو رووخسارێکی پێشکەوتووانەی نوێ بە بزافە نەتەوایەتییەکە ببەخشێ و لەگەڵ رەوتی تێکۆشانێکی جیهانیدا بۆ ئازادی و یەکسانی و سۆسیالیزم گونجاوبێت.

هەڵسوڕاوانی ئەم بزافە سیاسییە کە نووسەری ئەم وتارە یەکێکیان بوو، سەرەتا کەمتر بەلای پرسە ئەدەبییەکەدا دەچوون، یان راستتر بڵێین نەیاندەپەرژایە سەر بەدواداچوونی بزافە ئەدەبییەکە، چونکە ئەم هەڵسوڕاوانە، بە پەیوەندیکردن و کاری سیاسی و پێکهێنانی شانەی رۆشنبیری و دیراسەکردنی بارودۆخی کوردستان و دانانی بەرنامەی ئایندە بۆ پێکهێنانی حزب و رابەریکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کوردەوە خەریکبوون. دوای پێکهێنانی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کاری شانە رۆشنبیرییەکان چڕترو چالاکترو رێکخراوتر بوو، هەڵمەتی خۆڕۆشنبیرکردن لە ریزەکانی کۆمەڵەدا فراوانتر بووەوەو هەموو بوارەکانی گرتەوە، کە یەکێک لەوانە بواری ئەدەبی بوو.

کۆمەڵە رێکخراوێکی ماویستی بوو، هەر کەسێک باوەڕی بە مارکسیزم - لینینیزم — بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ نەبوایە وەک ئەندام وەرنەدەگیرا، بۆیە ئەندامەکانی، لە بواری ئەدەبدا، کاریگەرێتیی ئەو ئایدیایەیان بەسەرەوەبوو، بەتایبەتی نووسینەکانی ماو و چیان چینگ و یاو ون یوان و چۆیانگ لەسەر ئەدەب، هەروەها بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی سەردەمی شۆڕشی مەزنی رۆشنبیریی پرۆلیتاریای چین. دیراسەکردنی ئەم لایەنە وتووێژێکی سەبارەت بە ئەدەبی شۆڕشگێڕانە لە نێو کۆمەڵێک

# ئێمە (ڕەخنەگرەکان) ڕوانگە بە گشتی و شەخسییەتە ئەدەبییەکانیمان بە وردەبۆرژوازی لە قەڵەم دەدا

لە هاوڕێیانی کۆمەڵەو دۆستەکانیشیدا خستەوەو بەرهەمەکانی ئەدەبی ڕوانگە بووە مایەی باس و ڕەخنەو سەرنجیان. کۆمەڵە لەو سەردەمەدا لە قۆناغی پێکهاتندا بوو، دەبوایە زۆر بە نهێنی کار بکات، دەبوایە خۆی لە حکومەتی بەعس و پارتی بە هەردوو باڵەکەیەوە بشارێتەوە، بۆیە نەدەکرا بە ئاشکرا و لەو سەرەتایەی کارکردنیدا دەربارەی ڕوانگە هەڵوێست وەربگرێت، لەبەر ئەوە و بۆ ئەوەی یارمەتیی هاوڕێکانم بدەم بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی بیروبۆچوونەکانیان و گەیشتن بە هەڵوێستێکی یەکگرتوو، چەند وتارێکم نووسی، ئەم نووسینانە ڕاو تێگەیشتنی شەخسیم بوون دەربارەی (ڕوانگە)، بەڵام لە هەمان کاتدا بابەتێک بوو کە هاوڕێکانم وەک مادەیەکی ڕۆشنبیری بۆ ئەو کاتە کەڵکیان لێ وەردەگرت. بەم پێیە یەکەم وتارم بە ناونیشانی: «ڕوانگەو مەسەلەی کۆن و نوێ لە ئەدەبی کوردیدا» لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (٥٢) بە بەرواری ٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧١ بڵاوکردەوە. بە دواشیدا دوو وتاری دیکەم نووسی بە ناونیشانی: «ڕێگای ئەدەبی کوردایەتی یان ڕێگای ڕوانگە» و «ئەدەب بۆ کێ دەنووسین؟» هاوڕێیانی کۆمەڵەش بەشداریی نووسینیان کردو چەند وتاری ڕەخنەییان لەسەر ڕێبازەکەو بەرهەمی ڕوانگەییەکان نووسی، کە دیارترینیان نووسینەکانی فوئاد مەجید میسری و فازیلی مەلا مەحمودو بەکر حسەین بوو.

لەڕاستیدا هەر لە یەکەم وتارمەوە کە دوای هەشت مانگ لە بانگەوازەکە و ٣٧ ژمارەی (هاوکاری) نووسیم، هێڵی هەڵوێستم لە (ڕوانگە) بەپێی پرەنسیپێکی ماویستی: «یەکگرتن و ململانێ» وەرگرت، ئەم هەڵوێستە وەک ڕایەڵێک، سەرجەم وتارەکانمی بە یەکەوە بەستەوەو شێوازی نووسینەکانمی دیاریکرد، تەنانەت لە قۆناغی دووەمی وتارەکانیشمدا کە ساڵی ١٩٧٢ نووسیم، دوای جیابوونەوەم لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا لە کۆمەڵەو پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ماویستی دیکە، دیسان هەر بە هەمان هەناسەو بەپێی هەمان پرەنسیپ لە (ڕوانگە) دواوم.

**ڕوانگە لە چ هەلومەرجێکدا سەریهەڵدا؟**

هیچ ڕێکخراوێک یان حزبێک یان کۆمەڵەیەکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ئەدەبی تەنها بە ویست و ئارەزووی خودیانەی پێکهێنەرانی سەرهەڵنادات، ئەمە ڕێسایەکە (ڕوانگە)ش دەگرێتەوە. ڕوانگە لە هەلومەرجی وەرچەرخانێکی سیاسی لە مێژوودا دەرکەوت، دوورو نزیک کاریگەرێتیی ئەو سەردەمەی بەسەرەوە بوو، هەروەها کاریگەرێتییەکە بەسەر ڕەخنەلێگرەکانیشییەوە هەبوو، لەبەر ئەوە دەبێت لە خوێندنەوەی ئێستای ڕوانگەو نووسینی ڕەخنەلێگرەکانیشیدا ڕەچاوی ئەو ڕاستییە بکرێت. بەو مەبەستە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەم:

١.کاریگەرێتیی شۆڕش یان ڕاپەڕینی گەنجان لە ساڵی ١٩٦٨دا، ئەو شۆڕشەی هەموو جیهانی گرتەوە. ئەو شۆڕشە گشتگیربوو، ئایدیاو سیاسەتی چەپ، بە جیاوازی سەرچاوە فیکری و سیاسییەکانیانەوە، سەرکردایەتی و ڕێنوێنییان دەکرد، بەتایبەتی شۆڕشی مەزنی ڕۆشنبیریی پرۆلیتاریا لە چین کە سیمای جەماوەری و بڕبڕەی پشتی شۆڕشەکەی گەنجان بوو.

٢.گەرمبوونی جەنگی ڕزگاریخوازانەی گەلی ڤێتنام دژی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هەڵچوونی خەباتی دژە

هەر لە یەکەم وتارمەوە کە دوای هەشت مانگ لە بانگەوازەکە و ٣٧ ژمارەی (هاوکاری) نووسیم، هێڵی هەڵوێستم لە (ڕوانگە) بەپێی پرەنسیپێکی ماویستی: «یەکگرتن و ململانێ» وەرگرت، ئەم هەڵوێستە وەک ڕایەڵێک، سەرجەم وتارەکانمی بە یەکەوە بەستەوەو شێوازی نووسینەکانمی دیاریکرد

ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهاندا، بەتایبەتی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیاو ئاماژەکانی شکستی ئەمریکا، کە چەند ساڵ بەر لە رووخانی حکومەتی دەستنیشاندەی (سایگۆن) دیاربوون. ئەم جەنگە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەدا رەنگی داوەتەوە و لە نێوانیاندا ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەش هەن کە سەر بە روانگە بوون.

٣.جەنگی عەرەب — ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٦٧داو تێشکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان لەبەردەم ئیسرائیلدا. سەرەنجامی ئەوەش بەرزبوونەوەی دەسەڵاتی زایۆنیستەکان لە لایەک و توندبوونەوەی بەرهەڵستیی چەکدارانەی فەلەستینییەکان بەرامبەر ئیسرائیل؛ هەروەها نزیکبوونەوەی لایەنەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو چەپەکانی کوردستانیش لە رێکخراوە بەرهەڵستیکارەکانی فەلەستینەوە.

٤.ملدانی بەعس و ناچاربوونی بە دانپێدانانی بەشێک لە مافەکانی گەلی کورد لە بەیاننامەی ١١ی ئازاردا دوای هەوڵ و کۆششێکی زۆری یەکێتیی سۆڤیەت لە رێی کەسایەتییەکی دیپلۆماسیی وەک (پریماکۆڤ)ەوە، ئەو بەیاننامەیەی کە گەشەکردنی دامودەزگا زانستی و ئەدەبی رۆشنبیرییەکانی بۆ ماوەی چەند ساڵێک لێکەوتەوە.

٥.سەرکەوتنی باڵێکی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد و تێشکانی باڵێکی تریان کە بۆ چەند ساڵ هاوکاریی دەسەڵاتی بەعسی کرد.

٦.هەلومەرجی دەستپێکردنی وتووێژلە نێوان هەردوو باڵەکەی پارتیدا بۆ یەکگرتنەوە، ئەمجارەش هەر بەهۆی گەورە دیپلۆماسیی سۆڤیەتی پریماکۆڤ-و بە ئاکام گەیشتنی هەوڵەکانی یەکگرتن لە ساڵی ١٩٧١داو تێکەڵبوونەوەی رێکخستنەکانی هەردوو حزبەکە.

٧.هاوکاتی یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی پارتیش، دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان و ئەو هەلو مەرجە فیکری و سیاسی و رێکخراوەییەی کۆمەڵە خولقاندی.

## پێگەی چینایەتیی روانگەو رەخنەگرەکان

ئەو سەردەمە، ئێمە (رەخنەگرەکان) بۆ دیاریکردنی ناسنامەی کەسەکان و شوناسی رێکخراو و کۆمەڵ و ئیتیجاهە ئەدەبی و رۆشنبیرییەکان پەنامان بۆ شیکردنەوەیەکی چینایەتی دەبرد، واتە ئەوەندەی ئەو کاتە فێربووبووین، ئامرازی شیکردنەوەی مارکسییانەمان بەکاردەهێنا، بەرامبەرەکانیشمان پێوەرە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی سەر بە قوتابخانە رۆژئاواییەکانیان بۆ هەڵسەنگاندنی کەس و ئیتیجاهە نەیارەکانیان بەکاردەهێنا، بۆیە ئێمە (رەخنەگرەکان) روانگە بە گشتی و شەخسییەتە ئەدەبییەکانیمان بە وردەبۆرژوازی لە قەڵەم دەدا، دیارە وردەبۆرژوازیش بەپێی سەرچاوە مارکسییەکان سیفەتی تایبەتی بەخۆیان هەیە. ئێمە سەرباری ئەم ناسنامەیە، پێمان وابوو کە ئەم وردەبۆرژوازییە بە هۆی ئەوەی لە سایەی سیستمێکی نیمچە دەرەبەگیدا دەژین، کاریگەرێتیی ئایدیای دەرەبەگییان بەسەرەوەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی بە توندی بەگژ رەخنەدا بچنەوەو ئامادە نەبن رەخنەگرتن لە بەرهەمەکانیان قبووڵ بکەن؛ هەروەها لە نێوان کۆن و نوێدا بێن و بچن و هەڵوێستیان لەم کایەیەدا جۆرێک لە هەڵواسراوەیی پێوە دیاربێت و وەک وردەبۆرژوا فەردییەت لە هەڵوێستیاندا هەبێت و بە پاساوی ئەوەی دژی ئیلزامن، رێکخستن و ئیلتیزامی سیاسی و فیکری

# ڕوانگەییەکان پێیان وابوو ئێمە لایەنگیری توندوتیژین و دەمانەوێت بیروباوەڕی خۆمان لە ئایندەدا بە هۆی توندوتیژییەوە بسەپێنین

و ئەدەبی ڕەتبکەنەوە. جگە لەم هەڵسەنگاندنە ناسنامەی نەتەوەپەرستیی گۆشەگیرو بە کەم سەیرکردنی جەماوەرمان دەدایە پاڵیان بە بەڵگەی ناوەرۆکی نووسینەکانیان و شێوازی ئەو زمانەی پێیان دەنووسی کە لەلای ئێمە لەگەڵ ئاستی جەماوەرێک، کە ئەو کاتە زۆربەی نەخوێندەواربوو، نەدەگونجا.

دیارە ڕوانگەش لە زمانی هێما ئەدەبییەکانییەوە هەڵسەنگاندنیان هەبوو بۆ ڕەخنەگرەکان، ئەگەرچی وەسفێکی چینایەتییان بۆ نەدەکردین، بەڵام بەشێک لەو سیفەتانەی ئێمە دابوومانە پاڵیان پێمانیان دەگوتەوە. ئەوان ئێمەیان بە دۆگم ناودەبرد، پێیان وابوو ئازادییان لێ زەوت دەکەین، لەجیاتی ئیلتیزام، بە ڕێگەیەک یان فیکرێکی دیاریکراو ئیلزامیان دەکەین. پێیان وابوو ئێمە کەسپەرستین لەڕێی پیاهەڵوتنی ستالین و ماوتسیتۆنگەوە، هەروەها پێیان وابوو ئێمە لایەنگیری توندوتیژین و دەمانەوێت بیروباوەڕی خۆمان لە ئایندەدا بە هۆی توندوتیژییەوە بسەپێنین، جگە لەوە بوونی گیانی ئینتەرناسیۆنالیستییان لە ئێمەدا بە خەوش دەزانی و پێیان وابوو لە ڕێگای نەتەوە لاماندواوەو لە جیاتی خەمە نەتەوایەتییەکان، خەمە ناوچەیی و جیهانییەکانمان خستووەتە ریزی پێشەوە. لەڕووی ئەدەبیشەوە ئێمەیان لە کایەی ئەدەبدا بە نەزان دەزانی یان لانی کەم بە شوێنکەوتووانی ئەدەبی کۆن و پێوەرەکانی ئەو ئەدەبەیان بە خەڵکی دەناساندین.

## ناکۆکییەکانی ڕوانگەو ڕەخنەگرەکان

ئەگەر وتارەکانی ئەو پۆلیمیکە ئەدەبی و سیاسییە فراوانەی ئەوسا، واتە چل ساڵ لەمەوبەر جارێکی تر بخوێنینەوە، کۆمەڵێک خاڵ و بابەتی ناکۆکی دەبینین. لەبەر ئەوە بێ شرۆڤەکردنیان لێرەدا بە کورتی دەیانخەینەڕوو.

١.ڕوانگە دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ)ی بۆ خۆی دیاری کردبوو، رایان وابوو کە ئەو ئەدەبەی پێشکەشی دەکەن ئەو سێ لایەنە نوێیەی تێدایە؛ ئێمەش بڕوامان وابوو وتەی نوێ دەبێت ریالیزمی شۆڕشگێڕانەو ریالیزمی سۆسیالیستی بێت، بیری نوێ دەبێت مارکسیزم — لینینیزم — بیروباوەڕی ماوتسیتۆنگ بێت، کرداری نوێش دەبێت کارێکی ڕێکخراوەیی کۆمۆنیستی بێت لە نێو جەماهیردا.

٢.بەرهەمەکانی ڕوانگە، لە گشتێتیی خۆیدا، ئەدەبێکی نەتەوەیی (هەموو نەتەوە)ی بەرجەستە دەکرد، ئێمەش پێداگریمان لەسەر ئەدەبی گەل دەکرد، گەلیش لەلای ئێمە کرێکاران و جووتیاران و وردەبۆرژوازی شۆڕشگێڕو بۆرژوازی نیشتمانی بوو.

٣.ڕوانگە بانگەشەی بۆ ئەدەبێکی ئازادی بێسنوور و ڕۆخ دەکرد، ئێمەش بڕوامان وابوو کە ئازادی ڕەها نییەو واقیعێک لەم جیهانەدا نییە پێی بڵێن ئازادیی بێسنوور و بێپەی.

٤.ڕوانگە دەیانگوت ئێمە ئەدەب بۆ دەستەیەک (نوخبە) دەنووسین و مەرج نییە خەڵکی لێمان تێبگەن، ئێمەش دەمانگوت دەبێت ئەدەب بۆ خەڵکی و بۆ ملیۆنەها کەس بنووسرێت.

٥.ڕوانگە ڕۆڵی شاهیدی بە ئەدیبان و نووسەران دەدا، واتە شاهید بن لەسەر سەردەمەکەی خۆیان، ئێمەش ڕۆڵێکی ئەکتیڤمان بۆ ئەدیبان و نووسەران دادەنا، کە دەبێت شانبەشانی جەماهیر پراکتیکی خەباتی شۆڕشگێڕانە بکەن.

٦.ڕوانگە بانگەشەی ئەدەبێکی کوردیی هاوچەرخ

ڕوانگە ڕۆڵی شاهیدی بە ئەدیبان و نووسەران دەدا، واتە شاهید بن لەسەر سەردەمەکەی خۆیان، ئێمەش ڕۆڵێکی ئەکتیڤمان بۆ ئەدیبان و نووسەران دادەنا، کە دەبێت شانبەشانی جەماهیر پراکتیکی خەباتی شۆڕشگێڕانە بکەن

و مۆدێرنی دەکردو ئەرکی خۆی بۆ پیادەکردنی ئەو ئەدەبە دەستنیشان کردبوو، ئێمەش ئەرکی بەدیهێنانی ئەدەبێکی واقیعیی شۆڕشگێڕانەو رۆمانسیی شۆڕشگێڕانەمان بۆ قۆناغی رزگاریی نیشتمانی (شۆڕشی دیموکراتیی نیشتمانی) و ئەدەبێکی واقیعیی سۆسیالیستی بۆ قۆناغی سۆسیالیزم لە ئەستۆی خۆمان دانابوو. هەر لەم بوارەدا، روانگە ئەدەبی لە ژوور و لە دەرەوەی قۆناغی مێژووییدا دەبینی، ئێمەش ئەرکی ئەدەبمان بە قۆناغی مێژوویییەوە گرێدابوو، بە مانا دەبێت ئەدەب لە هەر وڵاتێکدا، لە خزمەتی بەدیهێنانی ئەرکەکانی قۆناغە مێژووییەکەدا بێت، بەپێی ئەو قۆناغەی کە ئەو وڵاتە دەیبڕێت.

٧.روانگە باوەڕیان بە ئەدەبێکی هەمەڕەنگ هەبوو، ئێمەش باوەڕمان بە کێبەرکێی ئەدەبی هەبوو کە ئەو کاتە لە وتارێکمدا بە بۆڕبۆڕێنی ئەدەبی ناوزەدم کرد.

٨.سەبارەت بە رەخنەگرتن، روانگە تەنها پسپۆڕەکانی بواری رەخنەی بە شایستەی ئەوە دەزانی رەخنەبگرن، بەڵام ئێمە جەماهیریشمان بە شایستەی رەخنەگرتن دەزانی و داوای یەکێتیی رەخنەی پسپۆڕەکان و رەخنەی جەماهیریی دەکرد.

٩.روانگە زۆر جەختیان لەسەر شێوە دەکرد لە دەقی ئەدەبیدا و زێتر شێوەیان لەلا مەبەست بوو، ئێمەش جەختمان لەسەر یەکێتیی شێوەو ناوەرۆک دەکرد و ناوەرۆک لە ریزی پێشەوە، لەو بڕوایەوە کە چینەکان، هەر یەکەیان، بە پلەی یەکەم ناوەرۆکیان مەبەستە.

١٠.هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە لە یەک خاڵ و بابەتی ناکۆکیدا بەرجەستەدەبوو، ئەویش پەیوەندیی نێوان ئەدەب و سیاسەت بوو، روانگە، ئەدەبیان لە سیاسەت جیادەکردەوە، خاوەنی تیۆریی (ئەدەب بۆ ئەدەب) بوون، هەرچی ئێمەیش بووین یەکێتیی ئەدەب و سیاسەتمان دەویست، چونکە بڕوامان وابوو کە بۆ گەلێکی ستەمدیدە کە لە ژێر باری چەوساندنەوەی نەتەوایەتیدا بێت (ئەو کاتە هێشتا جینۆساید لە ئارادا نەبوو) ناکرێت ئەدەبەکەی بە سیاسەتەوە گرێنەدات، بۆیە بانگەشەی یەکێتیی سیاسەت و ئەدەبمان دەکرد و سیاسەت لەڕیزی پێشەوە، هەر بەو پێیەش یەکێتیی رەخنەی سیاسی و ئەدەبیمان پێکەوە داوا دەکرد، کە دیسان رەخنەی سیاسی لە ریزی پێشەوەدا بێت.

## دەوری مێژوویی روانگە... روانگە چیی کرد؟

راستییەک هەیە پێویستە هەر کەسێک کە دیراسەی روانگە دەکات بیزانێت تا لە هەڵسەنگاندنەکانیدا بەهەڵە نەچێت، ئەویش ئاستی جیاجیاو تێگەیشتنی جیاوازو یەکنەبوونی هەڵوێست و کاردانەوەی جیاوازی ئەدیبەکان بوو بەرامبەر هەر یەکێک لەو بابەتانەی ململانێی فیکری و ئەدەبیی لەسەر دەکرا. ئەم راستییە بۆ رەخنەگرەکانیش هەر بەو شێوەیەیە، واتە کە دەڵێین روانگە مەرج نییە هەموو روانگەییەکان لە تەواوی پرسە سیاسی و ئەدەبییەکاندا وەک یەک بووبن، هەروەها رەخنەگرەکانیش هەمیشە یەکنەبوون، ئەگەرچی یەکگرتوویی و فیکری سووربوونیان لەسەر بردنە پێشەوەی ململانێکە زێتر لەماندا بەدی دەکرا و ریزەکەیان پتەوتربوو.

ئەو دەستە ئەدیبەی بانگەوازەکەیان واژۆکرد هەر لە سەرەتاوە ناکۆکیی لە نێوانیاندا هەبوو، بەتایبەتی لە ڕووی سیاسییەوە، چونکە پێش ئەمە سەر بە

# روانگە باوەڕیان بە ئەدەبێکی هەمەڕەنگ هەبوو، ئێمەش باوەڕمان بە کێبەرکێی ئەدەبی هەبوو

ئینتیمای حزبی جیاجیابوون (قیادە مەرکەزی حزبی شیوعی، کاژیک، پارتی- باڵی مەکتەبی سیاسی). لەم ئینتیما جیاوازەدا، فراوانتریش لەوەی دەستەی بانگەوازەکە، لەنێو ئەو ئەدیب و رۆشنبیرە گەنجانەشدا هەبوو کە روانگەیان لەلا پەسەندبوو. رەخنەگرەکانیش بەتایبەتی (نووسەری ئەم وتارەو فوئاد مەجید میسری و شەهید فازیلی مەلا مەحمود) لە قۆناغی یەکەمدا ئینتیمای سیاسییان بۆ کۆمەڵە هەبوو، لە قۆناغی دووەمی ململانێکەدا کە ساڵی ١٩٧٢ دوای نووسینەکەی شێرکۆ بێکەس (روانگەو کوێرەڕەخنە) دەستی پێکرد، هەر یەکەیان سەر بە رێکخراوێکی سیاسیی جیابوون (فازیل — قیادەی مەرکەزی، فوئاد میسری — کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، فوئاد قەرەداغی — رێکخراوی مارکسی لینینی شیوعییەکانی عیراق)، بەڵام لەبەر ئەوەی هەرسێکیان ماویست بوون و سەرچاوەی نووسینەکانیان زیاتر ئەدەبیاتی ماویستی بوو، کەسێک هەستی بە جیاوازی ئینتیما سیاسییە حزبییەکەو هەڵوێستیان لە روانگە نەدەکرد.

لەڕاستیدا کاردانەوەی ئەم سێ نووسەرو رەخنەگرە بەرامبەر روانگە وەکو یەک نەبوو، ئەوەندەی پەیوەندیی بە نووسەری ئەم وتارەوە هەبێت، لەسەر هەمان پرەنسیپی (یەکگرتن و ململانێ) بەردەوامبوو، بۆیە ئەوکات لایەنە ئیجابییەکانی روانگەی فەرامۆش نەکردو لە وتارەکانیدا ئاماژەی پێیان داوە، کە لێرەدا بەشێکیان بە کورتی بەیان دەکەینەوە:

١-لە دوای تێشکانی شۆڕشی چواردەی تەممووزو هێرشی سەربازیی حکومەتی قاسم لە ساڵی ١٩٦١دا بۆ سەر کوردستان تا بە ئازاری ١٩٧٠ دەگات، سڕبوون و وشکەوەبوونێکی بەرچاو بە رۆشنبیریی کوردییەوە، بەتایبەتی بە ئەدەبەوە، دیاربوو. دەشێت ئەم حاڵەتە بە متبوونی ئەدەبیی ناوبەرین، بەڵام روانگە توانیی ئەو گۆمە مەندە بشڵەقێنێت و گیان بە بەری ئەدەبی کوردیدا بکاتەوە، بۆیە لە یەکەم وتارمدا ئەم راستییەو چەند راستییەکی دیکەم لەم بارەیەوە بەیان کردووە.

٢-روانگە توانیی قۆرخکردنی ئەدەبی کوردی لەلایەن کۆمەڵێک ئەدیبی پەککەوتووی بێ بەرهەمەوە کۆتایی پێ بهێنێت و نەوەیەکی گەنجی خاوەن تواناو بەهرە بە دەوری خۆیدا کۆبکاتەوە.

٣-روانگە توانیی دیواری ترس لە کۆنەپارێزانی کورد بڕوخێنێت و لەسەر پرسی ئافرەت هەڵبداتێ و بانگەوازێکی بوێرانەی وەک «ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن» دەربکات، کە خوێندکارانی هاوڕێمان لە زانکۆی بەغدا، کە ئەندامی کۆمەڵە بوون، رۆڵێکی دیاریان هەبوو لە پشتگیری و ناردنی بروسکەو تەبلیغاتی سیاسیدا.

٤-بانگەوازەکە پرەنسیپی سوودوەرگرتنی لە کولتوور و بایەخدان بە نوێکاری لە ئەدەبدا راگەیاند، بەمەش گورزێکی باشی گەیاندە دوو بیرکردنەوەی هەڵە: یەکەمیان وەرگرتنی هەموو کولتووری رابردوو بەبێ بژارو تەتەڵەکردنی، دووەمیان رەتکردنەوەی هەموو ئەو کولتوورەی لە رابردوودا بەرهەمهاتووەو بۆمان بەجێماوە..

٥-بەکارهێنان و هاندانی گەنجان لەسەر یاخیبوون و شۆڕش و نوێکردنەوە، بوارێکی باشی رەخساند کە گەنجەکان سامیان لە ئەقڵییەتی دواکەوتووی باوی کوردەواری بشکێت و زەمینەش خۆشبکات کە ئێمەی هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی سیاسیی ئەو کاتە دەستئاواڵەتر بین لە ئاخاوتن و نووسین و هەڵوێست و پەیوەندی بە خەڵکەوە، ئەگەرچی

روانگە زۆر جەختیان لەسەر شێوە دەکرد لە دەقی ئەدەبیدا و زێتر شێوەیان لەلا مەبەست بوو، ئێمەش جەختمان لەسەر یەکێتیی شێوەو ناوەرۆک دەکرد و ناوەرۆک لە ریزی پێشەوە، لەو بڕوایەوە کە چینەکان، هەر یەکەیان، بە پلەی یەکەم ناوەرۆکیان مەبەستە




بارودۆخی کاری نهێنی هێشتا هەر لەمپەرێکی لەبەردەم کارەکانماندا دروستکربوو.

٦-هەرچەندە زمانی نووسینی روانگە بۆ خەڵک نەبوو، بەڵام لە ڕووی رێزمان و پاککردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە وشەی بیانی و دەستبردن بۆ خەیاڵ و وێنەی شیعری و وێنا هونەرییەکان، داهێنانێکی کرد، کە دوایی بە سوود گەڕایەوە بۆ زمان و ئەدەبی کوردی.

٧-لە هەموو ئەو خاڵانە گرنگتر بزواندن و جێگیرکردنی بزووتنەوەیەکی فراوانی رەخنەی ئەدەبی بوو، کە دەیان نووسەرو ئەدیب ئەسپی خۆیان تێدا تاو دا. ئاکامی ئەم بزووتنەوەیەی رەخنە، جگە لە خستنەوەی گەنجینەیەکی ئەدەبی، هەزاران گەنجیشی بەرەو خوێندنەوەو بەشداریکردن لە بزووتنەوەی سیاسیدا هان دا، کە لەسەر بنەماو پێوەرێکی نوێ بیربکەنەوەو کار بکەن و لە خزمەتی گەل و نیشتمان و داخوازی و ئامانجەکانی جەماهیردا بن. هەر ئەم گیانە رەخنەییەی رەخنەگرەکان لە بواری ئەدەبدا پیادەیان کرد، دواتر بووە هێزێکی کاریگەرو بە سوودوەرگرتن لەو زانیارییە فیکری و سیاسییانەی رەخنەگرەکان لە ململانێی فیکری و سیاسیی ئەو کاتەدا روونیان دەکردنەوەو لەڕێی ئەدەب و رەخنەی ئەدەبییەوە دەیانگەیاند، هانی سەدان گەنجی کوردی دا بە ریزەکانی کۆمەڵەوە پەیوەست بن و پاشانیش لە هەڵگیرساندنی بزووتنەوەی بەرەنگاریی چەکدارانەدا دژی حوکمی شۆڤێنی و فاشستی بەعس بەشداریی بکەن و بجەنگن.

روانگە وەک دیاردەیەکی ئەدەبی — سیاسی لە بارێکی مێژوویی دیاریکراوی کۆمەڵگەی کوردی و بزووتنەوە نەتەوایەتییەکەیدا هاتە ژیانەوە. لەگەڵ هاتنیدا تۆوی هەڵوەشاندنەوەی خۆی هەڵگرتبوو. یەکێتییەکی ئایدیۆلۆژی لەنێویدا نەبوو. دەرگیری چەند ناکۆکیی جیاجیا بوو. لە پێگەی چینایەتیی وردەبۆرژوازیی ناڕازیی ئەو سەردەمەوە چالاکییە ئەدەبییەکان و ململانێکانی خۆی ئەنجام دەدا. واقیعی روانگەو پێکهاتەکەی بە پێشبینیی ئێمەی رەخنەگرەکان ئەوەندەی تێدا نەدەبوو، کە بەرگەی سەرجەمی ئەو ناکۆکییانەی بەرەوڕووی بووبوونەوە بگرێت. روانگە لەگەڵ سەرخانی کۆمەڵایەتیی باوی ئەو کاتەدا لە ناکۆکیدا بوو. ناکۆکیی روانین و میتۆدی بیرکردنەوەی لەگەڵ کولتووری باوی خاوەن مێژووی نەتەوەیی هەبوو. بارودۆخی جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆش، لە ڕووی برەوسەندنی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی و بزووتنەوە رزگاریخوازانە نیشتمانییەکان لە ئاسیاو ئەفریقیاو ئەمریکای لاتیندا، لە بەرژەوەندیی ململانێ و بەردەوامیی ئەودا نەبوو. جیهانبینی و ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراویان نەبوو تا وەک سەرچاوە بۆ هەڵوێستە فیکری و سیاسی و ئەدەبییەکانیان بۆی بگەڕێنەوە. لە ژیانی واقیعیی جەماهیری خەڵکی کرێکارو جووتیارو زەحمەتکێشی کوردستانەوە دووربوون، ئەدەبەکەشیان بۆ نوخبە بوو نەک بۆ ئەو جەماهیرەو ... هتد. لەبەر ئەوە وەک ئێمە پێشبینیمان کرد یەکگرتنەکەیان لەو رێبازەدا نیسبی و کاتی بوو، سەرەنجامیش ناکۆکییەکان کاریتێکردن و دوای ماوەیەک سەری هەڵداو بەرەو هەڵوەشاندنەوەی بردن. روانگە لە بەرامبەر ئایدیاو رۆشنبیریی باوی کۆمەڵگەی کوردیدا سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا، بەڵام لە بەرامبەر ئایدیاو رۆشنبیریی زیندووی مارکسیزمی ئەو کاتە شکستی هێناو، دواجار خۆیان بە وازهێنان و ساردبوونەوەیان ناکامی و شکستی رێبازەکەیان راگەیاند.